www.kurdistannet.org
16-3-2006 19:33 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## درۆ لاوازە هەمووکەس ئەیکات، بە ئیجازەی پشکۆ نەجمەدین ... سەرکێو

لە بەر واری 2006/3/15 دا لە سەر ماڵپەڕی کوردستاننێت وتارێکم بەر چاوکەوت لە بن ناوی (لەئارشیڤی ڕاپەڕینەوە) کە بە وتەی پشکۆ نەجمەدین نوسەرێکی بێناو نوسیویەتی ولەلایەن پشکۆ نەجمەدینەوە نووسراوە تەوە، بەڕاستی کاتێک ئەو وتارەی کاک پشکۆ نەجمەدینم خوێندەوە زۆر پێکەنیم کەچۆن ئەبێت ڕاستییە خۆر ئاسا کانی ڕپەڕین بەقەڵەمی یان بەلایەن گری قەڵەمی ڕۆشنبیرێکی وەک پشکۆ نەجمەدین ئابەو جۆرە ئاوەژۆ بکرێت کە ئەو مێژووە مێژوویەکی زۆر نزیکەو هەموومان لەبەر مانە، وە من لام وابوو تەنها خەڵکی سادە درۆ ئەکات بەڵام وادیارە لەبەر ئەوەی درۆ لاوازە هەموو کەس ئەیکات، واتە ڕۆشنبیری واش هەیە درۆ ئەکات، برام کاک پشکۆ نەجمەدین، سەرەتا من پێم خۆشە نمونەیەک بۆ جەنابت و بۆگشت خوێنەرانیش بهێنمەوە لەسەر ئەو نوسین و دەربڕینانەی تۆکە تەنها بۆپێکەنین نەبێت بۆهیچ ناشیت، وتی (کابرایەک ئەچێت لە بازاڕ یەک کیلۆ گۆشت ئەکرێت، دێتە ماڵەوە، بە هاوسەرەکەی ئەڵێت چاکی بکە بۆ ئێوارە، پاشان لەکاتی چاککردن، لە دەستی هاوسەرەکەی بەسەر ئاگرەوە گۆشتەکە ئەسوتێ، ئێوارە کابرا دێتەوە هاوسەرەکەی خواردنی تری بۆ دا ئەنێت، کابرا پرسیار لەهاوسەرەکەی ئەکات، ئەڵێ کوا گۆشتەکە، هاسەرەکەی لەوەڵامدا ئەڵێت گۆشتەکە پشیلەکە خواردی، کابراش ئەچێت پشیلە کەیان دێنێت، ئەیخاتە سەر ترازوییەک ئەیکێشێت، پشیلەکە تەنها یەک کیلۆ وەزنی ئەبێت، ئەڵی بەهاوسەرەکەی، ژنەکە ئەمە گۆشتەکەیە ئەی کوا پشیلەکە؟!.

باشە کاک پشکۆ، ئەگەر هەمو ڕاپەڕین، کۆمۆنیست کردی و جەماوەری ڕاپەڕیو هەمووی کۆمۆنیست بوون، ئەیکوا جەماوەری پارتی و یەکێتی و لایەنە کانی بەرەی کوردستانی و باقی جەماوەر؟!!.

من نامەوێت وەڵامی ئەو گشت درۆ ڕیزکراوەی ناو نووسینەکەی کاک پشکۆ نەجمەدین بدەمەوە، بەڵام کاک پشکۆ نەجمەدین هەر چەند لەکاتی ڕاپەڕین لە کوردستان نەبووە، بە پێی نووسینەکەی، ئەی خۆ ئەوە ئێستا 16 ساڵ بەسەر ڕاپەڕیندا تێپەڕیوە سەدان نوسین و باس و خواس و منازەرەی ڕاستەو خۆ و ناڕاستەو خۆ لەسەرڕاپەین کراوە.

ڕاستییەکانی ڕاپەڕین وا ڕوونە لە لای هەموو تاکێکی کورد بەچاوی کوێرەکانیشدا چەقیوە، ئیتر نازانم بۆ کاک پشکۆ نەجمەدین تاکو ئێستاش نازانێت کێ؟ ڕاپەڕینی کردووە، یان خۆی لێگێل ئەکات، ئەوەش کێشەی خۆیەتی، .

من لە هەموو خەڵکی کوردستان ئەپرسم، کۆمۆنیست جگە لە چەند باڵێکی وردی ناو بەرەی کوردستانی کە ئەویش جگە لە حزبی شیوعی کەس کۆمۆنیست نەبووە و کەسیان ناوی شۆڕاو کۆمۆنیستیان لەسەر نەبوو، نازانم کاک پشکۆ و نوسەری بێناوی کتێبە هەڵبەستراوەکە، ئەو گشت تەشکیلاتە کۆمۆنیستییە یان لەکوێ ڕیکخست بوو بۆڕاپەڕین، وەک پێشینانی کورد وتوویانە، مزگەوت بروخێت منارەکەی دەمێنێت برا کاک پشکۆ ئەگەر کۆمۆنیست خاوەنی ئەو گشت تەشکیلاتە بوون لە سەردەمی ڕاپەڕیندا ئەینابێت ئێستا لەکوردستاندا بەشی کورسییەکی پەرلەمان جەماوەریان هەبێت، یان نابێت کۆمۆنیستی نەبوویش تاکە شەهیدێکیان هەبێت لەکاتی ڕاپەڕیندا وەک لایەنەکانی تری بەرەی کوردستانی لە یادی ڕاپەڕیندا شانازی پێوە بکەن؟!.

من پێم خۆش نەبوو ئەو باسە بێ بناغەو بێ ناوەرۆکە لە لای کەسێکی ڕۆشنبیری وەکو کاک پشکۆ نەجمەدینەوە بڵاو بکرایە تەوە.

لەکۆتایی دا من لەوە زیاترم نییە کە بڵێم ئەو باسەی کاک پشکۆ نەجمەدین نووسیویە تەوە سەراپای درۆی شاخدار و هەڵکێشانی لایەنێکە بەناوی کۆمۆنیست، کە لە کوردستان لەچاو لایەنە شۆڕشگێڕە کانی کوردستان بەسفری پاش فاریزەش/. نایەنە ژماردن، چی لە ڕووی خەبات و قوربانی دان و چی لە ڕووی پێگەی جەماوەرییەوە، من پێم وایە لە کوردستاندا بەئێستاشەوە لە ڕێژەی 7 ملیۆن کەسی باشوری کوردستان 2000 نەفەریان لەگەلدا نییە. ئەگەر پێویستیشی کرد خاڵ بە خاڵ وەڵامی ئەو نووسراوە ئەدەمەوە و بە بەڵگەوە ئەیسەلمێنم کە سەر لەبەری درۆیە و جگە لە درۆ هیچتری لێوە بدی ناکرێت؟!!..

سەرکێو
2006/3/15
لەندەن